**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی دەرچوون: ٥**
**مێژووی دەرچوون: ٢٠١٩/٥/٨**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، و لەسەر ئەو یاساکارییەش کە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٥)ی رۆژی ٢٠١٩/٥/٨ ئەنجامیداوە و، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە لە بڕگەی (سێیەم)ی (ماددەی یەکەم) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ بەدەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمان دراوە، بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩**
**یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**
**و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسەندکردنی دەستور**

**ماددەی (١) :**
یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٨ هەڵدەوەشێتەوە و دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم کارا دەکرێتەوە.

**ماددەی (٢) :**
یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستورییەکانی هەرێم ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (٣) :**
**یەکەم:** بەدەر لە حوکمی ماددەی دووەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق سەرۆکێك بۆ هەرێم هەڵدەبژێرێت بەو ئەرك و دەسەڵاتانەی کە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراقدا هەیە، تا پەسەند کردنی دەستوری کوردستان ـ عێراق کە تێیدا شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و دەسەڵاتەکانی دیاری دەکرێت و، سەرۆك لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەش نوێنەرایەتی هاووڵاتیانی کوردستان ـ عێراق دەکات و بەناویانەوە دەدوێت و هەماهەنگی لە نێوان دەسەڵاتە فیدرالیەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمدا دەکات.

**دووەم:** بەدەر لە حوکمی برگەکانی (٢) و (٣) لە ماددەی (یەکەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، سەرۆکی هەرێم دووجێگری دەبێت و ئەرك و دەسەڵاتەکانیان لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دیاری دەکرێت.

**ماددەی (٤) :**

بەدەر لە حوکمەکانی ماددەی (حەفتەم)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم ئەم رێکارانەی خوارەوە دەگرێتەبەر:

**یەکەم** :

١- لە ماوەی (٣٠) سیی رۆژ لە دوای هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان دەرگای خۆ پاڵاوتن دەکاتەوە.

٢- خوازیارانی خۆکاندیدکردن کە مەرجەکانی ماددەی (پێنجەم)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو تێدایە، لە ماوەی (٣) سێ رۆژ لە بەرواری کردنەوەی دەرگای خۆپاڵاوتن داواکاری و سیڤی خۆیان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەن.

٣- سەرۆکایەتی پەرلەمان لە ماوەی (٢)دوو رۆژ لە رۆژی داخستنی دەرگای خۆپاڵاوتن ناوی ئەو پاڵێوراوانە ڕادەگەیەنێت کە مەرجی یاساییان تێدایە.

٤- هەر کەسێك لەوانەی داواکارییان پێشکەش کردووە، ئەگەر ناوی ڕانەگەیەنرا بۆی هەیە لە ماوەی (٢) دوو رۆژ لە رێکەوتی ڕاگەیاندنی ناوی کاندیدەکان لە بەردەم دادگای تەمییز تانە بدات، دادگای تەمییز لە ماوەی (٢) دوو رۆژ تانە یەکلایی دەکاتەوە، بڕیاری دادگاش لەم بارەوە بنبڕە.

٥- سەرۆکی هەرێم لە دەنگدانێکی ئاشکرا و بە دەنگی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان، لە ماوەی (٣) سێ رۆژ لە رۆژی دەرکردنی بڕیاری بنبڕ لەسەر تانەکان هەڵدەبژێردرێت.

٦- ئەگەر هیچ پاڵێوراوێك دەنگی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمانی بەدەست نەهێنا دەنگدان دووبارە دەکرێتەوە و، کێبرکێ لە نێوان ئەو دوو پاڵێوراوە دەبێت کە زۆرینەی دەنگیان هێناوە و ئەوەی لە جاری دووەم زۆرینەی بەدەست هێنا دەبێتە سەرۆکی هەرێم، ئەگەر تەنها یەك پاڵێوراویش هەبوو بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم دەنگدانی ئاشکرا ئەنجام دەدرێت و، ئەگەر پاڵێوراوەکە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانی بەدەست هێنا دەبێتە سەرۆکی هەرێم.

**دووەم** :

بەدەر لە حوکمی خاڵی (١) بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە پەرلەمانی کوردستان تەنها لەم خولەدا لە ماوەی (٣) سێ رۆژ لە دوای دەرچواندنی ئەم یاسایە دەرگای خۆ پاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم دەکاتەوە.

**ماددەی (٥) :**

**یەکەم**: ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم بە کۆتایی هاتنی ماوەی ویلایەتی پەرلەمان کۆتایی دێت.

**دووەم**: سەرۆکی هەرێم لە ئەرك و دەسەلاتەکانی بەردەوام دەبێت تا بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە سەرۆکێك هەڵدەبژێردرێت.

**ماددەی (٦) :**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی (٧) :**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٨) :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بە مەبەستی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمان ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى نادر قەهوەچى** | **هێمن هەورامى** | **د.ڤالا فريد أبراهيم** |
| **سكرتێرى پەرلەمانى** | **جێگرى سەرۆكى پەرلەمانى** | **سەرۆكى پەرلەمانى** |
| **كوردستان - عێراق** | **كوردستان - عێراق** | **كوردستان - عێراق** |